سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

# ئازادی

FREEDOM OF SOCIETY

کۆمەڵگە

ژمارە (٥١) پاییز (٢٠٢٦)

## گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کوردستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێوانەی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

**بەشداران**

جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییز ٢٠٢٦

**٥١**





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە
وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق
پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ
عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە
زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی
جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ
ڤێرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك
سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ
گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!
سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی
هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# ڕۆژئاوای کورستان؛

## لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی، وتەبێژی کۆمیتەی پەروەردەی کۆنگرەی ستار لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا

سازدان: ئازادیی کۆمەڵگە

**هەڤاڵ ئاهین سەرەتا خۆت بە خوێنەرانمان بناسێنیت؟**

لە دەستپێکی شۆڕشدا چوومە خەباتی پەروەردە و پاشان لە شانزە ساڵییدا بووم بە هاوسەرۆکی کۆمۆن. دواتر لە کۆمۆنگەکاندا جێم گرت کە لە پانزە کۆمۆن پێک دەهاتن. لەوێش بووم بە ڕێوەبەری ئەو کۆمۆنگەیە. هاوکاتی خەباتی کۆمۆنگە، من وەک مامۆستا لە گۆڕەپانی زمان و وانەوتنەوەدا کارم دەکرد. پاشان ساڵی ٢٠١٧ بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی پەیەدە. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٤ـدا لە نێو ڕیزەکانی پەیەدا بووم. من لە سێ خولی ئەنجوومەنی پەیەدەدا بووم. لە خولێکیاندا من هاوسەرۆکی مەکتەبی لاوان بووم، لە دوو خولەکەی تردا هاوسەرۆکی خەباتی ڕێکخستن بووم لە سەر ئاستی هەرێمی جزیرە. هاوکات ئەندامی دەستەی ڕێوەبەریی بووم. دواتر هاتمە ڕیزەکانی کۆنگرەی ستار. وا بۆ نزیکەی ساڵێکە من وتەبێژی کۆمیتەی پەروەردەی کۆنگرەی ستارم.

**ئازادیی کۆمەڵگە: هەڤاڵ ئاهین، هەرچەندێک مێژوو شۆڕشی پەنجا ساڵەی تەڤگەری کوردیی لیپاولیپە لە خەبات بۆ ژیانی کۆمەڵگەیی و هەرەوەزیی، بەڵام لە کۆنگرەی ١٢ـەهەمینی پەکەکە و بانگەوازی ڕێبەر ئاپۆدا، پێداگرانە و ڕاستەوخۆ تەوەرەکە ژیانێکی کۆمۆناڵ و چۆنێتیی ژیانی پێکەوەییە. ڕاستییەکەی پێش ئەوەی دەوڵەت زاڵدەست بێت، چاندێکی لەم ڕەنگە کورستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. با ئەم پرسیارە لە تۆ بکەم، فەلسەفەی پشت ئەو پەرگالە کۆمۆناڵە لە ڕۆژئاوا چییە؟**

**ئاهین عەلی:** ڕاستییەکەی لە کۆمۆنەکانی ڕۆژئاوادا تا ئاستێک، پێکهاتەی کۆمۆن بووژێنراوەتەوە. ئەمە نوێنەرەوەی جڤاکی کۆمۆناڵە. ئەم جڤاکە کێشەکانی خۆی دەخستە ڕوو. بە گشتیی هەڵوێستی یەکەمین ئەوەیە کە ئێمە نابینە بەشێک لە کێشەکانی سووریا. ئەو شتانەی لە سووریا دەبینران ئەوە بوو، کێشە هەم لە ئۆپۆزسیۆن و هەمیش لە هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە سەری هەڵدا، ئەمە شۆڕشی سووریای وەرگەڕاندە سەر کێشە. لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی کۆمۆنەکان لە بنەوەڕا بۆ ئەوە بوو تا بێژین؛ ئێمە بێلایەنین. هاوکات ئێمە وەک هێڵی سێیەم بتوانین خۆمان و کۆمەڵگەکەمان بپارێزین. لەم گۆشەنیگایەوە ئێمە بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژییەکی دەرەدەسەلات بچێنین، پێویستمان بە کەسایەتیی ئازادە. مسۆگەر گەرەکە ژن لە پێشینەی ئەم کەسایەتییە بێت. هاوشانی کۆمۆنی گشتیی، کۆمۆنی خۆسەری ژنیشمان پێکەوە نا. ڕەنگە لە ڕێکخستنی ئەم کۆمۆنانەدا لاوازییش هەبووبن، بەڵام

ئـەودەم هەنـگاوی سـتراتیژیی هەڵێنـران. سـەرەتا درووسـتکردنی کۆمۆنـەکان لـە TEV-DEM ڕێکخسـتە دەکـران، ئێمـە ئێسـتا لـە کۆمۆنەکانی TEV-DEM دەوێین، ئەودەم TEV-DEM هاوشـانی ڕێوەبەریـی خۆسـەر ئـەم خەباتـەی بەڕێـوە دەبـرد. نواڕیمـان سیسـتەم خەریکـە دەبێتـە دوو سیسـتەم. دوو حکومـەت شـاخیان لێک گیـر کـردووە، بەڕێوەبردنـی دوو سیسـتەم لـە نێـو یـەک گۆڕەپانـدا، جێـی ڕەزامەندیـی نییـە، هـاوکات لـە ڕووی خزمەتگوزارییشـەوە نەیدەتوانـی هەمـوو پێداویسـتییەکانی کۆمەڵگـە جێبەجێ بکات. لەبـەر ئـەوە بەپێـی پەیمانـی کۆمەڵایەتـی، کـە سـەرەتا لـە جزیـرە ڕاگەیەنـرا. ئیتـر سیسـتەمی کۆمـۆن تێهەڵکێشـی ڕێوەبەریـی خۆسـەر کـرا و ناوەندەکانـی کۆمەڵـی مەدەنییـش لەلایـەن TEV-DEMـەوە ڕێـک خـران. واتـا هەمـوو یەکێتییەکان لەلایەن TEV-DEMـەوە ڕێکخسـتە کـران. لەبـەر ئـەوە پێویسـت بـوو ئەنجوومەنەکانـی گـەل لـە کۆمۆنـدا بێنـە پاڵ یەکتـری. سیسـتەمی کۆمۆنگـە هەبـوو، سیسـتەمی کۆمۆنگـە نەیدەتوانـی هەمـوو کۆمۆنـەکان بگرێتـە خـۆی. ئەمـە هۆکارێـک بـوو تـا دەسـت بدەینـە شـۆڕشـی پێکەوەنـان، ئێمـە سیسـتەمی ئەنجوومەنـی شـارەدێ و شـارمان لـە کانتۆنەکانـدا پێـش خسـت، ئەمـە تـا ئاسـتی باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی سـووریا ڕۆشـت. ئێسـتا ئێمـە گەرەکمانـە ئەنجوومەنـی گـەل پێـش بخەیـن. تەنیـا ئەنجوومـەن نـا. ئەنجوومەنـی گـەل بـە چ شـێوازێک؟ ئـەم کۆمۆنانـەی درووسـت کـراون، لەنێـو هـەر کۆمۆنێکـدا، وەک چـۆن لـە سـەرەتای شـۆڕشـدا هەمـوو کۆمۆنـەکان بەرپرسـیارێتییان گرتـە ئەسـتۆ. ئیتـر وتەبێژی کۆمیتـەی کۆمۆنـەکان دەر بکـەون و لـە نێـو ئەنجوومەنـی گەلـی خـودی کۆمۆنەکانـدا

جێگیر بن. کۆمۆن و ئەنجوومەن لێک دانابڕێندرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئیرادەی کۆمۆن پتر پێش بکەوێت. واتا سیستەمێکی پلەداریی درووست نابێت، با بێژین؛ بۆ ئەوەی چین درووست نەبێت کە ئەنجوومەن بڕیار بدات و کۆمۆن جێبەجێی بکات، ئەمە بە تایبەت پاش پەیمانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا پەسەند کرا. ئەم هاوپەیمانییە خۆی ڕاسپارد تا ئەنجوومەنی گەل پێک بهێنێت. ئەنجوومەنی گەلیش لە سەر ئاستیی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ئەنجوومەنێکی گشتیی پێک بهێنێت. جا بچێتە کانتۆنەکان. سیستەمی ئێمە حەوت کانتۆن بوون. ئێمە دەزانین هەنووکە کانتۆنی عەفرین و مەنبەج داگیر کراون. ئێمە دەمانەوێت وەک بانگەوازێکیش ئەمە بێژین. سیستەمی کۆمۆن لەبەر ئەوەی سیستەمی گەلە، بۆیە گەل خاوەندارییشی لێ دەکات. ئێمە هەر لەبەر ئەوە ویستمان ئەنجوومەنی گەل درووست بکەین تا گەل خۆی بە بەرپرسی ئەم سیستەم بزانێت. چونکە ئەم سیستەمە درووستکردنی حکومەتێک نییە دژی حکومەتێکی تر. ئێستا وا ساڵێکە مەنبەج داگیر کراوە، بەڵام ئێستاش کۆمۆنەکانی ئەوێ بەردەوامن. بۆچی بەردەوامن؟ چونکە گەل دەڵێن کۆمۆن کۆڵەکە و ئاوێنەی کۆمەڵگەیە. لەبەر ئەمەیە کە بەردەوامە. بابەتێکی باڵکێشە. سیستەمی داگیرکەری لەوێیە، ڕێکخستنی ئیسلامیی جیهادیی تێدایە، سیستەمێک کە لەسەر پاڵپشتیی دەوڵەتی تورک دەلەوەڕێت، بەڵام کۆمەڵگەکەی دەڵێن؛ کۆمۆن نوێنەرایەتیی ڕێوەبەریی خۆسەر ناکات، بەڵکوو سیستەمێکە و نوێنەرایەتیی ئێمە دەکات. لەبەر ئەمە کۆمەڵگە و ڕێوەبەریی خۆسەر پێکرا بوونەتە یەک جەستە. جا

ئەو ئەنجوومەنانەی گەل ئێستا ڕێک دەخرێن، بەپێی پەیمانی نوێی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنەکان ڕێک دەخرێنەوە، ئەم کۆمۆنانە خاوەنی پرۆژەی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەبن. ئەم کۆمۆنانە تاکە کۆمۆنی خزمەتگوزاریی نین، بەڵکوو هاوشانی ڕێوەبەریی خۆسەر و ڕێوەبەریی جێبەجێکار، یەکێتیی شارەوانیی درووست کراون. ئەم شارەوانییە گەرەکە وەک کۆمۆنێک خۆی ڕێک بخات. لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدەین بەپێی ئەم هۆشیارییە یەکێتیی شارەوانیی و کۆمۆن پێکڕا ببنە یەک جەستە، ئەویش بۆ ئەوەی تەڵەزگەکانی خزمەتگوزاریی دەرباز بکەین. هاوکات بۆ ئەوەی شارەوانیی کۆمۆنەکانیش بئافرێنن. واتە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی ئیکۆلۆژیی و دیموکراتیی بکەن. بەم ڕەنگە ئێمە دەتوانین وەک شارەوانییش لە هەموو کۆمۆنەکاندا خۆمان ڕێک بخەین. پێویستە شارەوانییش خۆی وەک کۆمۆنێک ڕێک بخات. ئێمە دەزانین سیستەمەکە لە سەر ئاستی ئەنجوومەنی گەل و یەکێتیی شارەوانیی لەسەر ئاستی شارۆچکەکان، بۆ نموونە؛ لە سەر ئاستی کانتۆنی جزیرە و لە سەر ئاستی گشتیی هەر شارێک، بە لانی کەم سێ شارۆچکەی هەیە.

شارێکی وەک حەسەکە، هەشت شارۆچکەی هەیە، هاوشانی ئەمە گەڕەکیش هەن. گەرەکە سیستەمی کۆمۆن لە نێو گەڕەکەکاندا ڕێک بخرێت. واتا نابێت هیچ گوند و گەڕەک و کۆڵانێک ناکۆمۆن بێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تێهەڵکێشی ئەم سیستەمە بکەین، ئێمە دەمانەوێت بڵێین؛ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ بەرانبەر پەرگاڵی

دەوڵەت–نەتـەوە. باشـتریش لـەم پێناسـەیەی پەرگاڵـی ڕێوەبەریـی خۆسـەری دیموکراتیـی ئەوەیـە؛ چۆن بتوانین شـەڕی دەسـەڵاتداریی و دیموکراسـیی وەرگەڕێنینـە سـەر شـەڕێکی ڕەوا، ئێمـە کۆمـۆن ڕووبەڕووی دەوڵـەت دەکەینـەوە. ئەمـە تێکۆشـانی ئێمەیـە. تـا چەند بتوانیـن کۆمـۆن فـراوان بکەیـن، ئـەوا تـا ئـەو ئاسـتەش دەوڵـەت بچـووک دەکەینـەوە. تـا بتوانیـن دیموکراسـیی گەشـە پـێ بدەیـن، تـا ئـەو ئاسـتەش دەسـەڵاتداریی لاواز دەکەیـن. ئـەوەی بڕیـار و ئیرادەی کۆمەڵگـە نیشـان دەدات، کۆمۆنـە. لەبـەر ئـەوە هەمـوو گـەل خاوەنداریـی لـە کۆمیتـەی پـەروەردە دەکات. ئێمـە دەزانین لـە هەمـوو جیهان نموونەیەکی لـەم سیسـتەمە لـە پاریس درووسـت کـرا. بـەڵام داخۆ توانـی ژیانێکی کۆمۆنـاڵ تـا ئەمڕۆ درێـژە پـێ بدات؟ نەیتوانـی بـەردەوام بێـت، چونکـە گـەر دەوڵـەت هەبێـت، ژیانـی کۆمۆنـاڵ درووسـت ناکرێـت. پەرگاڵی دەوڵەت گوزارشـتە لـە پووچەڵکردنەوەی پەرگاڵـی کۆمۆناڵبـوون. بـۆ نموونـە؛ ئێسـتا لـە ئیسـرائیڵ پەرگاڵـی کۆمـۆن دەردەکەوێـت. دەتوانیـن لـە زۆر بـواردا بێژیـن؛ دیموکراسـیی لـە ڕێـی کۆمۆنەکانـەوە دەئافرێنرێـت. لەبـەر ئـەوە ڕێوەبەریـی خۆسـەریی دیموکراتیـی، درووسـتکردنەوە و ڕێکخسـتنەوەی کۆمۆنەکانـی کردووەتـە کۆڵەکەیەکـی بنەڕەتیـی و سـەرەکیی خـۆی. هەمـوو کۆڕبەنـد و چالاکییەکانـی ئێمـەش لـە سـەر ئـەم ئاسـتەیە. بـە تایبـەت پـاش هەڵوەشـاندنەوەی ڕژێمـی بەعـس، ئێمـە دەمانەوێـت سیسـتەمی کۆمـۆن لـە باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی سووریاوە بگوازینـەوە بـۆ تێکـڕای سـووریا. گەرەکـە سـەرپاکی سـووریا ڕێـک بخرێـت. بـۆ نموونـە؛ لـەو هێرشـانەی دەکرێـن، کۆمیتەکانـی پاراسـتنی کۆمەڵگـە

ڕێ بۆ کۆمەڵگە خۆش دەکەن تا خۆی خاوەندارییی لە خۆپاراستن بکات. کاتێک کۆمەڵگە خۆی دەپارێزێت، پێویست ناکات سوپا بیپارێزێت. کاتێک هێرش کرایە سەر سوەیدا و کەناراوەکانی سووریا، گەر گەل زیاد خۆی ڕێک خستبا و کۆمۆنیان هەبووبا، ئەوا دەیانتوانی وەک ئەو خۆپاراستنەی ئێمەی لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە تا ئەمڕۆ لەسەر پێ هێشتەوە، ئەوانیشی لەسەر پێ هێشتبایەتەوە. ڕاستە تێکۆشان کرا، بەڵام ئێمە مەبەستمان تێکۆشانێکی ڕێکخراوە، ئەودەم مرۆڤ دەتوانێت هەڵی بسەنگێنێت کە هەموو لایەنەکانی ژیان کۆمۆناڵ و هاوبەش بێت. ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ئەوە ڕاهێنراوە، فرەڕەنگیی ئەم کۆمەڵگەیە جوان دەکات. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگە جوان دەکەن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانێت بەبێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام بێت. کاتێک ئێمە لە ڕۆژئاوا و ئەورووپا دەدوێین، دەمانەوێت ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بخەینەوە. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی دەبێتە بنەڕەتی پێشخستنی سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی، بە پێودانگی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەکان پێش دەکەوێت. ئێستا لەم گۆڕەپانەدا کورد و عەرەب و سریان و ئەرمەن و چەرکەس و تورکمان هەن، بەبێ هەڵاواردن و جیاوازیی، بەپێی ئەم ئیرادەیە کۆمۆنی هاوسەرۆکایەتیی پێک دێت. بۆ نموونە؛ سیستەمی هاوسەرۆکایەتیی کۆمۆنەکان کاری لە پێشینەیە. ئێمە باسی کۆمیتەکانمان کرد، بەڵام لە هەموو کۆمۆنەکاندا سیستەمی هاوسەرۆکایەتیی هەیە. ژنیش ڕۆڵێکی گرنگیی تێدا دەگێڕێت. شانەوشانی ئەمە، کۆمۆنی خۆسەری ژنیش درووست دەکەین. گەر لە هەندێک شوێن لاوازییش هەبن،

بەڵام تێ دەکۆشین، ئامانجی ئێمە ئەوە نییە کۆمۆنەکان دابەشی سەر دوو پارچە بکەین، بەڵکوو دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە ژن پێگەی ئازاد و ڕێزلێنراو و زانایی خۆیان هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆیان بناسن. ئێمە دەمانەوێت کۆمۆنی ژن ئاوا بەرفراوان بکرێت. ئێستا ئەو کۆمۆنە گشتییانەمان وا گرێدراوی ڕێوەبەریی خۆسەرن، گەلێک ڕەهەندی خزمەتگوزاریی خۆی پەرە پێ داوە، ئەمە کێشەی سەرەکیی شارەوانییەکانمان بوو. ئێمە ئێستا ئامانجمانە لە سۆنگەی ئەنجوومەنی شارەوانیی و ئەنجوومەنی گەلەوە تانوپۆی پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی نێوان شارەوانیی و کۆمۆنەکان بچنرێت. ئەمەش بۆ ئەوەی کۆمۆن لە نێو ئەنجوومەنی گەلدا ببێتە خاوەنی پێگە و شارەوانییش وەک ئەنجوومەنێک ڕێک بخرێت. بەم شێوەیە بە ئیرادەی ئەنجوومەنەکان سیستەمی پلەداریی دەوڵەت پووچەڵ دەکرێتەوە، بەم ڕەنگە شرۆڤەی دەکەم. سیستەمی خۆسەر شێوازێکی دابەشکاریی نییە، بەڵکوو شێوەیەکی پاراستنی خۆسەریی ژنە بە پێودانگی کۆمۆناڵبوونی ژنی ئازاد و تێگەیشتنی ئازاد لە هەموو ڕەهەندێکەوە. دەبێت ڕێکخستنی ژن هەبێت و لە ڕێی دەستپێشخەرییە بنەڕەتییەکانی وەک کۆنگرەی ستار و کۆمەڵەی ژنانی زەنۆبیاوە ئامانجەکانمان وەچنگ بخەین، ئێستا بۆ ئەمە تێ دەکۆشین تا بتوانین هاوشانی کۆمۆنی گشتیی، شێوەیەکی کۆمۆنی خۆسەریش سەر پێ بخەین.

**پەیوەندیی ئەندامانی کۆمۆن لەگەڵ گەل چۆن بوو؟ چۆن گەلیان ڕێک خست و پەروەردەیان کردن؟ چونکە سیستەمێکی بەعسیی وەرگەڕایە سەر دیموکراسییەکی شۆڕشگێڕانە؟**

لـە بنەڕەتـدا کاتێـک ئـەم کۆمۆنانـە پێـک هاتـن، ئێمـە گەرەکمـان بوو پێش گشت شتێک ئەقڵییەتی موختارێتیی بشکێنین، سیستەمی ئاغایەتیـی تێپەڕێنـرا بـوو، لـە شەسـت سـاڵی ڕابـردوودا بەعـس سیسـتەمی دەرەبەگایەتیـی کـەلا خسـت و سیسـتەمی موختارێتیـی پێش خست. کاتێک سەرەتا کۆمۆنەکانمان پێش خست، ڕووبەڕووی دژایەتیـی پەسـەندنەکردنی سیسـتەمی هاوسـەرۆکایەتیی ژن بووینـەوە لەلایـەن گەلـەوە. دەیانگـوت دەبێـت یـەک کـەس دەرکەوێـت و ئـەو کەسـەش پیـاو بێـت، کەواتـە ئێـوەی ژن بـە تەنیشـتی ئـەم پیاوەوە چی دەکەن؟ ئەم زهنییەتە کۆمەڵایەتییە ئەو زهنییەتەیە کە ڕژێمـی بەعس ساڵگارێک بەڕێوەی دەبرد. دەمەوێت بڵێم؛ بەعس گۆڕەپانەکەی چۆڵ کردووە، بەڵام ئێستا ڕووی ڕاستەقینەی بەعس دەر دەکەوێـت. سیسـتەمی ئێسـتاش وایـە، بـۆ نموونـە؛ سیسـتەمی ئێسـتا دەڵێـت؛ ئێـوە بۆچـی کۆمـۆن چـێ دەکـەن؟ سـەرۆکایەتییمان هەیـە، بـا دیسـان پەیڕەوی بکەیـن. واتـە زهنییەتـی دەوڵـەت ئیسـلامیی بێت یان عیلمانیی و سەرمایەدارانە، ناتوانێت کۆمۆن پەسەند بکات. چونکە لـە کۆمۆنـدا ویسـت و ئیرادەی کۆمەڵگە بـە بنەمـا دەگیرێت. تێکۆشـانێکی مـەزن بۆ پەسـەندکردنی هاوسـەرۆکایەتیی بەڕێوە بـرا. ئەمـەش بـۆ ئـەوەی هـەم ژن و هـەم پیـاو خۆیـان بسـەلمێنن کـە ئیرادەیـان هەیـە و هاوبەشـن. هەندێـک جـار ژنـان شـەرم دەیگرتـن و دەیانگـوت ئێمـە چـی بکەیـن؟ هەندێـک جـار هێـزی ژن تـا ئاسـتێک بڕی دەکرد، بەڵام تێکۆشـانێکی دووروودرێژ بۆ ئەمـە بەڕێوە دەبرا، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی ژن پـەروەردە ببێـت و هۆشـیار بێتـەوە، بـەم

ئامانجەش کۆبوونەوەی ژنان ڕێک دەخران. سەردانی ماڵان دەکرا تەنیا بۆ ئەوەی بێژین؛ کاتی هەڵبژاردن دەستتان بۆ ژن هەڵبڕن، تا ژنێک هەڵبژێرین. ئەودەم تا ئەو ئاستە دژواریی هەبوو، ئەمڕۆ هاوسەرۆکایەتیی ژن وەک ئیرادەی ژن دەردەکەوێت. ئێستا ژنان هاوسەرۆکی ژن هەڵدەبژێرن و ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن. ئیتر هەمووان دەڵێن؛ ئێوە تەنیا دەتوانن مافی ئەم ژنە پەسەند بکەن، بەڵام ناتوانن مشتومڕ و هەڵسەنگاندن لەمەڕ ئەم ژنە بکەن. ئەمە بە واتای ئەوە نییە ئێمە دەسەڵاتدارییمان هەڵوەشاندبێتەوە، نا. ژن مافی خۆیانە ئیرادەی خۆیان بناسن. خۆسەریی خۆیان پێش بخەن. کۆمەڵگە ئەمەی پەرچ دەدایەوە. ئەو شوێنانەی سەرەتا هاوسەرۆکایەتیی ژنیان پەسەند نەدەکرد، ئەمڕۆ ژن هاوسەرۆکی خۆی لێ هەڵدەبژێرێت و دەڵێت؛ بە ناوی هەموو ژنانەوە ئێمە بۆ نموونە؛ هەڤاڵ ئاهین بۆ هاوسەرۆکایەتیی پێشنیار دەکەین. هەموومان وەک ئیرادەی ژن ئاوێتەی ئەم ئیرادەیە دەبین. مسۆگەر ئەودەم هەڤاڵی پیاویش ناچار دەمێنن بەشدار بن. گۆڕنکاریی و بارگۆڕان بەم پێودانگە پێش کەوت. تۆ بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک قازانج بکەیت، گەرەکە خۆت بگەیەنیتە ژنەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. ئەو کۆمەڵگەیەی کەوتووە، مسۆگەر ژنەکانیشی کەوتوون. ژنی کورد لە ڕۆژئاوا زوو پێش کەوت و هەنگاوی هەڵهێنا، ئەمەش کاری کردە سەر ژنانی عەرەب. ئێستا لە گەلێک لە کۆمۆنەکاندا ژنانی عەرەبیش هەن. لە زۆر جێ بۆشایی پیاوان درووست دەبێت، بەڵام بۆشایی بۆ ژنان درووست نابێت. بۆچی؟ چونکە فرە خوازیارە خزمەتی کۆمەڵگە بکات، هاوکات ژن دەگاتە قۆناغێک

کە بە هەموو بیر و باوەڕی خۆیەوە کار بکات. کاتێک بمەوێت ئەو سەردەمە وەبیر بێنمەوە، وەک تۆمارێک دەیبینم. سەرەتا ژن خۆی خۆی پەسەند نەدەکرد، پاشان سیستەمی هاوسەرۆکایەتیی بوو بە بڕیار. ئەو ژنەی کاری دەکرد، خۆی وەک یەدەگ دەبینی و پیاو وەک جێگری خۆی لێی دەڕوانی، ئەمڕۆ ژن دەڵێت کۆمۆنی خۆسەری خۆم دەوێت و دەبێت هاوسەرۆکی ژن بە ئیرادەی من هەڵبژێردرێت. واتە گەر جێیەک ئیرادەی ژنی لێ نەبێت، ناتوانین باسی جڤاکی کۆمۆناڵ و دیموکراتیی بکەین.

**ئێوە وەڵامێکی بەرفراوانتان دایەوە. ئێستا مژاری ژن و پیاو چۆن جێی خۆیان دەگرن و لاوان چۆن بەشدارییان پێ دەکرێت و ڕێک دەخرێن؟ ئێوە وەک گەنجێک بەشدار بوون، بە باوەڕی من ئەزموونی ئێوە نموونەیەکی بەرچاوە...**

ئێستا هەرکەسێک لە هەر کوێ بژێت، بۆ نموونە لە گوندێک، ئەندامی کۆمینە. بەبێ جیاوازیی کەسێک کە تازە لەدایک دەبێت و ئەوانەی هەشتا ساڵن، بەڵام بۆ ڕێوەبەریی کۆمۆن مەرجێکی بنەڕەتییە کە ئەندام شانزە ساڵ کەمتر نەبێت. لە نێو پارتە سیاسییەکاندا هەژدە ساڵ کراوەتە پێوەر، بەڵام بۆ ئەوەی ئەندامێتیی لاوان لە ڕێوەبەرییدا ڕەچاو بکرێت، شانزە ساڵ کراوەتە پێوەر. ئەودەم تەمەنم شانزە ساڵ بوو، بەڵام من هەم خوێندنی دەوڵەتم درێژە پێ دەدا و هەمیش مامۆستایەتییم دەکرد. ٢-٣ کاتژمێر دەچوومە خوێندنگەکەم و پاشنیوەڕۆش دەچووم

وانـەم دەدایـەوە. تەنیـا یـەک پەڕتـووک بـە زمانـی کوردیـی هەبـوو، پەڕتووکەکـە چـاپ کرابـوو، ئێمـە ئـەو پەڕتووکەمـان کردبـووە نەخشـەڕێ. پەڕتووکەکە هیی ئەلفوبێی کوردیی بوو. ئێمە چەندین کاتژمێر لەگەڵ دەوڵەت مشتومڕمان کرد، پێش ئەوەی سیستەمی کۆمـۆن ئـاوا بکرێـت، دەوڵـەت خـۆی کشـاندەوە و خوێندنگەشـی داخسـت. ئـەودەم وتمـان گەرەکـە چارەسـەرێک بدۆزینـەوە. ئێمـە خوێندنـی سەربەستمان هەڵبژارد. هـاوکات ئێمـە خوێندنـی خۆمانمان خسـتە لایـەک و وتمـان دەبێـت بـە هـەر ڕێبازێـک بـووە خوێندنگـەی خۆمـان بکەینـەوە. ئێمـە لـە خوێندنگـە وانەمـان دەداوە. پاشـنیوەڕۆش خۆمانمـان پـەروەردە دەکـرد. پـاش کشـانەوەی دەوڵـەت، سـاڵێکی خشـتمان بـەم ڕەنگـە تێپەڕانـد. سیسـتەمێکی سـەرنجڕاکێش بـوو. ئێمە چـۆن خۆمـان ڕێـک خسـت؟ تەنیـا بـە قسـە ڕوون ناکرێتـەوە. چونکە هـەم دەبـوو وانەمـان بدایەتـەوە، هەمیـش لای ئێـوارێ ئامادەکارییمان بـۆ ڕێبـازی خۆمـان بکردایـە. سـاڵی یەکـەم هەرچەنـدە ئاسـتی خوێندنەکـەش ئەوەنـدە بـەرز نەبێـت، بـەڵام خەریکـی داهێنانـی ڕێبازی خوێنـدن و نووسـین بوویـن. هاوکاتـی ئەمـە کۆمۆنـەکان ڕۆ نـران. بـە تایبـەت وەک مامۆسـتایەک کـە نوێنەرایەتیـی شـۆڕش دەکەیـن، شـۆڕشـی دەسـتکەوتەکانی ژن، شـۆڕشـی ڕۆژئـاوا بـە شـۆڕشـی ژن دەناسـرێت، جـا لەبـەر ئـەوەی ئـەم دەسـتکەوتانە بپارێزیـن، مـن زۆر بیـرم لای خەباتـی کۆمـۆن بـوو. کاتێـک چوومـە نێـو کۆمۆنـەکان، گوتـم؛ ئیتـر مـن بوومەتـە ئەندامـی کۆمـۆن، بـە جۆشـوخرۆشـەوە چوومـە نێـو کۆمۆنـەکان و دەمگـوت ژنـان دەترسـن، مـن دەمگـوت؛ ئـەو پیاوانـە قەبووڵـی ناکـەن، ئـەودەم هەڵبژاردن ئەنجام درا. وتیـان

کۆتـا بـۆ ژن دادەنێیـن و پاشـان پـڕی بکەنـەوە. لاوێکـی وەک مـن غـروورم هانـی دام. خۆمـم بـۆ هاوسـەرۆکایەتیی کۆمـۆن پێشـنیار کـرد. لەبـەر ئـەوەی مامۆسـتاش بـووم، دەچوومـە خوێندنگـە و ئاسـتەکانم دەدا. هـەر ئاسـتێکمان تـەواو دەکـرد، ئاسـتێکی ترمـان دەکـردەوە. بـۆ نموونـە؛ ئاسـتی یەکەمینمـان تـەواو دەکـرد، پاشـان ئاسـتی دووەممـان دەکـردەوە و یەکەممـان دەدایـەوە. بـەم شـێوازە بـوو. دەرفەتمـان کـەم بـوو، بـەڵام بـە پێداگرییـەوە دەمـوت دەبێـت هاوسـەرۆکایەتیی کۆمـۆن بـم. شـتێک بـە هەڤاڵـی خـۆم بێـژم، ئـەو ڕۆحـەی سـاڵۆنیوێکە لەسـەر ئـەم ڕێگەیـە هێشـتوومییەتییەوە، ڕۆحـی کۆمۆنـە. تـا چ ئاسـتێک تـۆ خزمەتـی کۆمەڵگـە بکەیـت، کۆمەڵگـەش تـا ئـەو ئاسـتە خۆشـی دەوێیـت، ئەمـەش بـێ ئـەوەی ڕەچـاوی تەمەنـت بـکات. بـۆ نموونـە؛ هەمـووان دەیانـوت بچکۆلانەیـە، بـا پـڕی بکاتـەوە و بۆشـایی نەمێنێـت، بـەڵام کاتێـک کۆمەڵگـە دەیبینـی، بـۆ نموونـە؛ شـەکر نەدەمـا، ئێمـە بەسـەر خەڵکـدا دابەشـمان دەکـرد، دەوڵـەت هـەردەم دەیویسـت تێمـان هەڵپێچێـت و جارجاریـش هێرشـی دەکـرد. ئێمـە لـە نێـو چەنـد ماڵێـک کـە بێنـان بـوون یـان نەخۆشـیان هەبـوو، وەک کۆمـۆن لەگەڵیـان بەشـمان دەکـرد. لـە بنەڕەتـدا کۆمـۆن خـۆی ئەمـە بـوو. ئەمـە چانـدی ئێمەیـە. چانـدی بەشـکردن و سرووشـتی کۆمەڵایەتییمانـە. مـن لەبـەر ئـەو هەسـتانەیە تـا ئەمـڕۆ بـە پێـوەم و بەشداریی پـەروەردە و سیسـتەمی کۆمۆنـم. کۆمۆنەکـەی مـن ئێسـتا بووەتـە ٣٢٠ خێـزان، هەمـووان مـن دەناسـن. هەمـوو کاتێـک دەمبینـن و سـڵاوم لـێ دەکـەن. ڕێـزم لـێ دەگـرن. ئـەوەی لـە منـدا چێنـرا ئـەوە بـوو؛ کـە مـرۆڤ بـە تەمـەن هەڵناسـەنگێنرێت، بەڵکـوو مـرۆڤ چەندێـک

ببەخشێتە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەش ئەوەندە خۆشیان دەوێت. من پێم وایە لەو ڕۆحە شۆڕشگێڕییەی گەل کە لە حەسەکە و بە تایبەت لە گەڕەکی ئێمە دەرکەوت، کۆمیتەکانی پاراستن و پەروەردەوە ڕۆڵیان سەرەکیی بوو. تا هەنووکە سێ کۆمیتەی سەرەکیی لە کۆمۆنی ئێمەدا هەن. ئەوانیش کۆمیتەی ئابووریی هەرەوەزیی و کۆمیتەی سیاسیی و پەروەردە و کۆمیتەی پاراستنن. ئەمانە بوونە خاڵی سەرەکیی. ئەو کەسانەی لە ٢٠١٦ـەوە لە کۆمیتەکانماندا بنەجێ بوون، تا ئێستا بەردەوامن. هەندێک کەس هەن و ئێمە دەمانەوێت بیانگۆڕین، بەڵام ئەوان نایانەوێت دەستبەردار بن. هەرچەندە خەبات بە دڵخواز و بێمووچەیە، چونکە مرۆڤ خۆی تێدا دەبینێتەوە، چونکە خزمەت دەکات. کاتێک کەسێکی بەتەمەن دەبینیت، ڕێزێکی زۆرت لێ دەگرێت. ئەمە گەورەترین نرخ و بەهای هەیە. ئەمە بەبێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و بەبێ ژن کردەیی ناکرێتەوە. من وەک گەنجێک بوومە هاوسەرۆکی کۆمۆن. هاوشانی ئەمە گەرەکمە لە کۆمیتەکانی گەنجان بدوێم. لە نێو کۆمۆنەکاندا کۆمیتەی گەنجان پەسەند نەدەکرا. دەیانگوت باشە تێ گەیشتین، با کۆمیتەی خۆسەری ژنان هەبێت، چونکە ژن دەیانەوێت، بەڵام ئێمە چۆن کۆمیتەی گەنجان پەسەند بکەین؟ ئەوانەی تەمەنیان زۆرتر بوو، قەبووڵیان نەدەکرد گەنجانیان لەگەڵ بێت. گەنجانیان وەک یەدەگ دەدیت. دەیانگوت با گەنجان لە چالاکیی و ڕێپێوانەکاندا بەشدار بن و چەکدار بن. بەڵام قەبووڵیان نەدەکرد گەنجێک پێنووسبەدەست بێت و بەڕێوە ببات. لێ لە سۆنگەی تێکۆشانێکی پانوپۆڕی گەنجانی شۆڕشگێر و خوێندکارانەوە ئەمە گۆڕا. ئەمڕۆ

ڕێکخستنی گەنجان فراوان بووە. ئەودەم خوێندکاران پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێت کۆمیتەی گەنجان درووست بکەن. هاوشانی ئەمە ئێستا تێکۆشانێک بەڕێوە دەبرێت. بە تایبەت بۆ ئەوەی گەنجان کۆمۆنەکانی خۆیان ڕێک بخەن. ناڵێین وەک کۆمۆنی ژن و گشتیی بن، بەڵام گەنجان لەسەر ئاستی چەند کۆمۆنێکدا ڕێک بخرێن و خۆیان ڕێک بخەن. گەنجان هەوڵ دەدەن ڕەنگوبۆیەکی کۆمۆناڵ بدەنە ناوەندەکانی خۆیان. دەبێت شێوازی ڕێوەبەریی خۆسەر بە گشتیی ببێتە کۆمۆن.

**من بیر دەکەمەوە تا بزانم گەنجان دەتوانن چ چالاکییەک بەڕێوە ببەن، بۆ نموونە؛ پەروەردە، ئێستا سەردەم سەردەمێکی نوێیە. سەردەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و تەکنیک و گۆڕانکارییە. ئەو کۆمۆنانە خۆیان پلان ڕێک دەخەن یان داخۆ شتێک هەیە گەنجان بتوان خۆیانی پێ فێر بکەن و خۆیان پێش بخەن تا بتوانن خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن؟**

ئێستا ڕاستییەکەی ئەو شەڕە تایبەتەی دژی ژن و گەنج بەڕێوە دەبرێت، بە تایبەت کار دەکاتە سەر گەنجان. ئەمڕۆ دوژمن لەوە تێ دەگات گەنجان بزوێنەری کۆمەڵگەن، ئەوەی هێزی داوەتە کۆمەڵگە، گەنجانن. سا لەبەر ئەوە گەلێک ڕێ و ڕێبازی چەوت بۆ دوورخستنەوەی گەنجان لە ڕاستیی خۆیان بەکار دێنێت. دەیانەوێت گەنجان لە نێو پەرگاڵی سەرمایەدارییدا بزر بکەن. ئێمە ڕێ و ڕێبازی نوێمان پێویستە، باسی دەستپێکی شۆڕشمان کرد.

گەنجان خۆیان لە نێو چەند کۆمۆنێکدا ڕێک خست، ئەویش وەک شانەیەک کە تاکەکانی لە خۆی گرد دەکاتەوە، گەنجان دەتوانن ئەم پێشەنگایەتییە بکەن. هەروەها پێویستە بزانین چۆن بتوانین ئەو وانانە پێش بخەین وا دژی شەڕی تەکنەلۆژیی بەرانبەر گەنجان دەدرێتەوە. خودی گەنجێتیی، تێگەیشتن لە گەنجێتیی، ڕۆحی گەنجێتیی، ناوکی گەنجێتیی. گەنجێتیی هەر ڕووخسار نییە. ڕەنگە ڕۆحی گەنجێکی ٣٥ ساڵ لە ڕۆحی گەنجێکی ساڵی ١٥ ساڵیی جوانتر بێت، جا لەبەر ئەوە ئەرکێکی سەرەکیی وا لە سەر شانی گەنجان. ئەویش ڕێکخستن و پەروەردەی گەنجان و تێگەیشتنە لەو پرسانەی سەرنجی گەنجان ڕادەکێشن. هاوشانی ئەمە دەبێت خەباتی کۆمۆنی تایبەت بە گەنجان درووست بکرێت.

بۆ نموونە، لە پەروەردەکانی سەرەتای شۆڕشیشدا، دەستە لە گەنجان درووست دەکرا، کامپ درووست دەکران. گەنجان هەست و ژیان و کێشەکانی خۆیان دەردەبڕی. من پێم وایە، پێویستە ئەو ڕۆحەی بزرمان کردووە، بدۆزینەوە. گەرەکە لەو شوێنەی بزرمان کردووە، بۆی بگەڕێین، هەم بۆ کۆمۆناڵبوونی خۆمان بگەڕێینەوە، هەمیش بۆ گەنجێتیی خۆمان. ئەم شۆڕشە ئاوا دەناسرێتەوە. پێویستە گەنجان ئەنجوومەنەکانی خۆیان پێکەوە بنێن. پێویستە ئەم ئەنجوومەنانە بە پێودانگی پەرگاڵی هاوسەرۆکایەتیی و وتەبێژیی ژن ڕۆ بنرێن. ڕێکخستنی گەنجان و ژنانیش هەن. پێویستە لە نێو کۆنگرەی ستار و ڕێکخستنی گەنجانیشدا خۆیان ڕێک دەخەن. پێویستە ئەم گەنجانە ئەنجوومەنی خۆیان پێکەوە بنێن و

قسەکەرەکانیان بکەونە نێو هەمان ئەنجوومەن. پێویستە لە هەموو جێ کۆمیتەیان هەبێت. دەستەی وەرزشییمان هەیە. دەستەکانی وەرزشیی و گەنجان لە نێو ڕێوەبەریی خۆسەردا خۆیان بە پێودانگی کۆمۆناڵیی ڕێک دەخەن. گەنجان دەتوانن ئەو نامیلکانە بڵاو بکەنەوە کە ئاسۆی گەنجان ڕۆشن دەکەنەوە. پێویستە گەنجان لە بواری هونەرییشدا پێکڕا تێ بکۆشن. گەنجان دەتوانن لەسەر هەموو ئاستێک پێشەنگی بڵاوکردنەوەی زانست بن. ئەو ڕێبازانەی گەنجیان پێ ڕادەکێشێت، گەلێکن. هەموو ئەمانەش بۆ سیستەمی کۆمۆن و ئەنجوومەن دەگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە دەبێت گەنجان سیستەمی ئەنجوومەنی خۆیان درووست بکەن. ئێستا گەنجان لە نێو MSD ئەنجوومەنیان هەیە. گەنجانی شۆڕشگێڕ ئەنجوومەنیان هەیە. ئەنجوومەنی گەنجی پارتەکان هەیە. ئەنجوومەنی گەنجانی پەیەدە هەیە. پارتی پاشەڕۆژی سووریا ئەنجوومەنی گەنجانی هەیە. هەموو ئەمانە لە ژێر چەترێکدا دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات. لە سەر ئاستیی هەرێمییش ژنانی گەنج بە شێوەیەکی خۆسەر جێی لێ دەگرن. چەترێکمان هەیە و سیستەمی ئەنجوومەنیش پێویستی بە کاراکردنی کۆمۆنەکانە. تا گەنجی کۆمۆنەکان تەواو خۆیان ڕێک نەخەن و کۆمیتەی گەنجانی خۆیان لە هەموو کۆمۆنەکاندا ڕۆ نەنێن و ئەو ڕۆحە گەنجێتییە بۆ ئاستی خەباتێکی گشتیی هەڵنەکشێنن، ئەوا قاچێکی ئێمە کار ناکات.

**پرسیارێکی تر دەربارەی پاراستنی ڕەوا و کۆمۆن، کۆمۆنەکان دەتوانن چ ڕۆڵێک لە پاراستن و خۆپاراستندا بگێڕن؟**

نموونەی بەرچاو هەن، شەڕی شێخ مەقسوود، شەڕی حەسەکە و شەڕی بەنداوی تشرین، ئەم سێ شەڕە بوونە سەرمەشق، سەرباری ئەوانە شەڕی عەفرین و سەرێکانی هەیە. ئەم شەڕانە لە جیهاندا بوونە سەرمەشق، بۆچی ئەمە دەڵێم؟ چونکە کاتێک شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی لە ڕێی کۆمیتەی پاراستنی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنەکانەوە ڕێکخستە کرا، شەڕڤانانیش ئەرخەیان بوون. ئێمە بووینە گۆڤانی شەڕی حەسەکە، بۆیە دەمانەوێت بیگشتێنین، هەروەها ئێمە گۆڤانی شەڕی بەنداوی تشرین و عەفرین و سەرێکانییش بووین. من شەڕی شێخ مەقسوودم نەدیوە، بەڵام ئەویش نموونەیەکی سەرەکیی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕییە. لەوێ گەنجترینەکانی ژنان و گەل پشتی شەڕڤانیان گرت، ئیتر ئێمە تێ دەگەین شۆڕشگێڕیی بە مەعنەوییات درووست دەبێت. شۆڕشگێڕ بە پارە درووست ناکرێت. گەر شۆڕشگێڕبوون بە پارە بێت، ئەوا سبەی هەرکێ پارەیەکی زیاتر بدات، ئەوا ئەو کەسە دەچێت، ئەودەم لەبەر پارەیەکی زۆرتر هێڵی ناپاکیی هەڵدەبژێرێت، شۆڕشگێڕبوون بە مەعنەویات درووست دەبێت. شۆڕشی ڕۆژئاواش نموونەی شۆڕشێکی مەعنەوییە. سەرەتا ئاسایشی حەسەکە بە هەشت کەس دەستی پێ کرد. یەگەپە سەرەتا بەبێ جلی سەربازیی و بە چەند خەنجەرێک دەستی پێ کرد. ئەمە تەنیا بە ئەخلاق و باوەڕ بنیاد دەنرێت. کاتێک کۆمیتەی پاراستنی کۆمۆنەکان ڕێک خرا، لە شەڕی حەسەکە کە بە زیندانی خوێران ناسرا. بۆ نموونە؛ هێزە سەربازییەکانی ئێمە نەچوونە گەڕەکە

کوردییەکان، نەچوونە کێڵگەکان، کێ لە گەڕەکەکانی حەسەکە بڵاو بوویەوە؟ کۆمەڵگە خۆی. نەک تەنیا کوردان، بە ڕاستیی دەبێت باسی گەلی عەرەبیش بکەین. لە گەڕەکەکانی خوێران و عەزیزییە، گەلی عەرەب شانەوشانی قەسەدە و یەپەگە و یەپەژە جەنگان. کۆمیتەی پاراستنی گەڕەکەکان، دەیانگوت گەڕەکەکان دەڵێن قەسەدە ئێمە دەپارێزێت. شکۆی ئێمە دەپارێزێت، دەبێت ئێمەش خاوەنداریی لێ بکەین. تۆ کاتێک بە کۆڵانەکاندا دەڕۆشتیت، دەتدیت، ئەو دایکانەی تەمەنیان شەست ساڵە، چەکیان هەڵگرتووە، دایکی ئەحمەد نموونەیەکی بەرچاوە، چەندێکیش تەمەنی زۆر بوو، بەڵام قەبووڵی نەبوو ئاڵۆزیی لە گەڕەکەکەیان درووست بێت. زۆرینەی ئەو چەتانەی داعش کە دەستگیر کران، قەسەدە دەستگیری نەکردن، قەسەدە شەڕی دەکرد، شەڕی ڕووبەڕووی دەکرد، ئەوانەی دەستگیر کران، لەلایەن هێزەکانی پاراستنی ناوخۆوە دەستگیر کران. دەمەوێت باسی شەڕی سەرێکانییش بکەم، شەڕڤانان لە گوندێک دەجەنگان، ئەودەم شەڕێکی تایبەت بڵاو کرایەوە گوایە ڕەوشی دربسییەش باش نییە و ڕەنگە ئەویش داگیر بکرێت، ژنان لە گوندێکی بێکارەبا مۆم و چرایان داگیرساند و هەڵهەڵەیان کێشا و وتیان سەرێکانییش ڕزگار کرا، ئەمە لە کاتێکدا سەرێکانی داگیر کرابوو. بەم هەڵهەڵەکێشانە، شەڕڤانان ورەیان تێ گەڕا و نەیانهێشت چەتەکان پێ بخەنە هەرێمی زرگان. ژمارەیەک گوندی سەر بە سەرێکانیی داگیر کران، بەڵام زرگان و درباسییە بەپێوە مانەوە. ئەمە چ واتایەک دەبەخشێت؟ ئەو واتایەیە وا جڤاک دەیبەخشێت. دەمەوێت سەبارەت بە بەنداوی تشرینیش ئەمە بێژم،

کاتێک دەوڵەتی تورک هێرشی کردە سەر، یان هاشاوڵی عەفرین و سەرێکانیی دا، لە بەرخۆدانی ٥٨ ڕۆژە دوو جار کاروانەکان بە چوار کاروان بەرەو عەفرین ملی ڕێیان گرت، ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە ئێمە دڕندەیی ئەم دەوڵەتە نەناسین کە کۆمەڵکوژیی دەکات، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵگە بوو کە ئامادەیی هەموو شتێک بوو. بینیمان هێرشەکە ڕاستەوخۆ کرایە سەر گەلەکەمان

هەر سەبارەت بە بەنداوی تشرین گەرەکمە شتێک بێژم، لە ناو سازییەکانی ئێمەدا مەترسییەک هەبوو، داخۆ خەڵک بەشدار دەبن یان نا؟ بەڵام کاتێک کۆمۆن ڕێک خرا، پەروەردەی پاراستنی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی وەک چاندێک دەبوو کە کۆمەڵگە خۆی خۆی هەڵبژێرێت. گەل چەندین جار بە بڕیاری کۆمەڵگەیی بەشدار بوون. بۆ ماوەی سێ مانگ گەل لە هەموو هەرێمەکانەوە و لە سۆنگەی بڕیاری کۆمەڵگەییەوە ڕێک خران و چوونە بەنداوی تشرین، ئێمە دەزانین چەند شەهیدی سڤیلمان دا. ئەمە ورە و پاڵپشتیی بوو. کاتێک شەڕڤانان دەبینن گەل باشتر شەڕ بکات، ئەودەم چەندین قات باشتر بەرخۆدان دەکات. ڕاستییەکەی ڕۆحییەتی بەنداوی تشرین، ڕۆحییەتێکی جیاوازە، هەستێکی کۆمۆناڵە، هەستی بەکۆمەڵایەتییبوونە، کاتێک هێرش دەکرێتە سەر کەسێک، تۆ دەزانیت هیچ شتێک بۆ تۆ پێش نەهاتووە، بەڵام تۆ بیر لە کێ دەکەیتەوە؟ تۆ بیر لە خێزانەکەت دەکەیتەوە کە شانەوشانی تۆ هاتووە، بیر لە هاوڕێکەت دەکەیتەوە، بیر لە دراوسێکەت دەکەیتەوە؟ داخۆ چی دەکات؟ ئەمە پەرە بە هەستە

کۆمەڵایەتییەکانمان دەدات. هەستی خۆپەرەستییمان کاڵ دەبێتەوە و ئیتر هەمووان خەمی پاراستنی هاوڕێکانیانە و شانەوشانی شەڕڤانان ڕادەوەستن. کاتێک دەمانبینی فڕۆکەی تورک بۆمبارانمان دەکات، ئێمە دەزانین دەوڵەتی زۆر ئەندامی ناتۆن، کاتێک هێرش دەکرێتە سەر بەنداوەکەمان، ئەوە هێرشی ناتۆ خۆیەتی و لێدانێکی ئاسایی نییە، بەڵام کاتێک ژنان هەڵهەڵەیان دەکێشا، شەڕڤانان ورەیان تێ دەگەڕا، من باسی چەپڵە و هەڵهەڵەی ژنان بۆ هاندانی کۆمەڵگە دەکەم. بۆ نموونە؛ ئێمە خستنی دوو فڕۆکەمان بینی. شەڕڤانان لە سەنگەرەکانی خۆیان دەهاتنە دەر و فڕۆکەی چەتەکانیان دەپێکا و دەچوونەوە، هەموو ئەمانە چۆن پێک هات؟ ئەم ڕۆحییەتە بووەتە کەلتوورێک، من شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی وەک شەڕ نابینم. وەک کۆمیتەیەکی پاراستنیش لێی ناڕوانم، بەڵکوو وەک چاندێک لێی دەنوارم. وەک هەبوونێک، وەک لێگەڕین بۆ ئازادیی. لەبەر ئەوە کۆمیتەی پاراستن لاواز نابێت، چونکە ئێستا کۆمەڵگە لەوە تێ گەیشتووە کە دەکرێت خۆی خۆی بپارێزیت. بۆ نموونە؛ ئەمریکا پشتی ئێمەی نەگرتووە. هاوپەیمانان پشتی ئێمەیان نەگرتووە، ئۆپۆزسیۆن ڕێگەی ئەم کارەیان پێ داوە، ئەویش کردوویەتی. بەڵام کاتێک کۆمەڵگە شانەوشانی شەڕڤانان ڕاوەستا، ئەودەم تێگەیشت دەتوانێت بەرگریی بکات. دەتوانێت گیانفیدایی بنوێنێت و مەرگ لەبیر بکات. کاتێک شەڕڤان و کۆمەڵگە دەبنە یەک، ئەو ڕۆحە هەموو سیستەمە دەسەڵاتگەرەکان پووچەڵ دەکاتەوە. هەموو جیهان باسی بەرخۆدانی کۆمەڵگە لە بەرخۆدانی بەنداوی تشرین دەکەن. هەندێک ڕاگەیاندنی دەرەوە هاتبوون، پێیان سەیر

بوو کاتێک دایکێکی بەتەمەنی ٦٠-٧٠ساڵیان دەبینی. هەندێک دایک و باوک هەبوون، بە زەحمەت دەیانتوانی هەنگاوێک بنێن، هەندێک هەبوون بۆمباران قاچی لێ سەندبوونەوە، بەڵام ئەو گیانەی شەڕی گەلی شۆڕشگێڕیی کە لەواندا چێنرا بوو، بە پێوە ئەوانی ڕاگرتبوو. بەبێ ئەوەی بترسن، دروستکردنی ژیان لە مردنەوە ئاوا پێک هات. لەبەر ئەوە سیستەمی خۆپاراستنی کۆمەڵایەتیی سیستەمێکی بنەڕەتییە. دەکرێت مشتومڕی گۆڕینی هەموو سیستەمەکانی وەک قەسەدە و ئاساییش لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە بکرێت، بەڵام هەرگیز سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتیی ناخرێتە نێو بابەتی گفتوگۆوە، چونکە هەڵقوڵاوی سرووشتی کۆمەڵایەتییە، گەر مرۆڤ لێی قووڵ ببێتەوە، ئەوا بوونی کۆمەڵگەیە.

بەپێی فەلسەفەی ئاوابوونی کۆمۆنەکان، من زۆر لاپرەسەنم ئەمە بپرسم، چونکە ڕەنگە ئەمە بۆ ڕۆژهەڵات و باشوور و باکووریش ڕوو بدات. کاتێک کۆمۆن ئاوا دەبێت، دەبینیت هۆشیاریی سیاسیی تۆ بە ڕەنگێکە، تۆ فێر کراویت کە دەوڵەت هەموو شتەکانت دەکات، تۆ چاوەڕێی کەسێکی پێت بێژێت؛ وەرە، بڕۆ، پێت بڵێ؛ ئەمە بکە و ئەمە مەکە... واتە سیستەمێکی پلەداریی ڕەها کە ئیرادەی هەموو شتێکت لێ دەستێنێتەوە و وەک ڕۆبۆتت لێ دەکات، پاش سیستەمێکی بەعسی سەرپاک دەسەڵاتگەر و ئاواکردنی ئەم کۆمۆنانە، چ هۆشیارییەکی سیاسیی لە نێو گەلدا ڕەنگڕێژ بووە؟

دەمەوێت سەرەتا لە سەر ئاستی سووریا قسە بکەم، پاشان چوار بەشی کوردستان. پێم خۆشە ئەم نموونەیە بێژم؛ گەلی

عـەرەب زۆر حەزیـان لـە شـیرینییە، ، سیسـتەمی هەنووکەیـی دەیەوێت کۆمەڵگە موحتـاج بکات و بڵێت؛ ئـەم کۆمەڵگەیـە پێویستی بـە ئێمەیـە. کاتێک شـەکر لـە خەڵکی هەرێمەکـە بـڕا. ئێمـە لـە ڕێـی قاچاخی بازرگانییـەوە هەندێک شـەکرمان هەنـاردەی هەرێمەکـە کرد. بۆ نموونـە؛ ئـەو خێزانـەی شـەکر کـەم بـەکار دەهێنێـت و دەزانێـت خێزانێکی تـر شـەکر زۆر بـەکار دێنن، دەیداتـە ئـەوان، واتـە کەڵکەڵەی بەرچاوتەنگیی و شـاردنەوە نەمابوون، ئێمـە بە شـێوەیەک دابەشـمان دەکرد کە هەمـوو خێزانێک وەک یـەک بـەری بکەوێت. مـن لوتکـەی کۆمەڵایەتییبوونـم دیت، ئەزموونێکی خـۆم بگێڕمـەوە؛ پانـزە کۆمـۆن گرێدراوی مـن بـوون، مـن لە کۆمۆنگە کارم دەکـرد. لەو کۆمۆنگەیەی کارم لـێ دەکـرد، هـەر پانزە کۆمۆنەکـەی پێشـنیاریان دەکرد شـەکری ئـەوان کـەم بکرێتـەوە و بدرێتـە ئـەو خێزانـەی پێویسـتی زیاتریـان پێیـە. ئەمـە چـی پێش خسـت؟ مرۆڤدۆسـتیی پێش خسـت. کۆمەڵگـەی کوردیی ڕۆڵی پێشڕەوانەی گێڕا و کۆمەڵگەبوونی کۆمەڵی عەرەبییش پێش کـەوت. ئەمـە لەلایـەک. ئێسـتا دەمەوێـت ئەزموونێکـی تایبەتیـی خۆشـم بگێڕمەوە، کاتێک ئێمە وەک ڕێکخسـتنی ژن چووینە سـوەیدا، پێش ئـەم شـەڕە گەرەکمـان بـوو ئـەوێ بناسـین، ئێمـە وەک کۆنگرەی سـتار دەمانگـوت ئـەو ژنانـەی سـاڵی ٢٠١٩ بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی سیستەمی بەعسـیی لە گۆڕەپانـدا بـوون، لەکوێـن؟ لەبـەر ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠١٩ـەوە سیسـتەمی بەعس نەچووەتە سـوەیدا، ئێمە دەزانین شـۆڕش سـاڵی ٢٠١١ دەسـتی پـێ کـرد. بـۆ نموونـە؛ ئێمـە دەمانگـوت، گـەر ئێمـە زۆر بەپێـی ڕێوەبەریـی خۆسـەر بجووڵێینـەوە، ئـەوا ئێمـە نابینـن. لـە نێـو خێزانەکانـدا نەخۆشـیی هەیـە. خێزانێکـی تـر زۆر

هەژارە، دابونەریتی کۆمەڵایەتییمان ئەوەیە خاوەندارییان لێ بکەین و نەهێڵین چاولەدەستەتی بەعس بن. بۆ نموونە؛ چەندین کەسی دەوڵەمەند هەن، ئێمە دەچین لە نێو کۆمۆندا گفتوگۆ دەکەین تا گەر بتوانن هاوکار بن و ئێمە هاوکارییەکان دەدەینە ئەو خێزانانە. ئێمە دەمانبینی خێزان هەیە پێویستیان بە زەوییە، ئەو کۆمەڵگەیە چاندی سرووشتیی ئێمەیە و پێویستە خاوەندارییی لە یەکتری بکەین. ئێمە ئەو یارمەتییانەمان کۆ دەکردەوە. هەر خێزانەو دەیگوت ئێمە ئەو هاوکارییانە دەبەخشین و بۆ نموونە زەوی دەبەخشین. ئێمە ئەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانەمان زەق دەکردەوە، ئەمە تەنیا چاندی یەک نەتەوە نییە، بەڵکوو ئەمە دابونەریتی هەموو گەلانە. دەمانگوت بەم ڕەنگە لە تەنیشت گەلی خۆمانەوە دەمێنینەوە. تەنانەت ناگەڕێینەوە بۆ ڕێوەبەریی خۆسەر. کۆمینەکانمان مووچە بە کەس نادات، دەیانگوت کەواتە وەک موختارەکان نین؟ پێیان دەگوتین چۆن ئەم سیستەمە بەڕێوە دەبەن؟ موختار گرێدراوی دەوڵەتە، ئێمەش دەمانگوت؛ ڕاستە موختار گرێدراوی دەوڵەتە، سیستەمی کۆمینیش گرێدراوی ڕێوەبەریی خۆسەرە. پێمان دەگوتن؛ سیستەمەکەی ئێوەش خۆسەرییەکی دیموکراتیی هەیە و دەتوانێت بڕیار دەر بکات. گەر خۆسەریی بڕیارێک دەر بکات و بڕیارەکە دژی کۆمەڵگە بێت، ئەوا ئێمە پەسەندی ناکەین. بۆ نموونە کاتێک نرخی سووتەمەنیی گران بوو، گەل نارەزایی دەربڕی، وتیان ڕێوەبەریی خۆسەر نوینەرایەتیی ئێمە دەکات، بەڵام ئەم بڕیارەمان پێ جێبەجێ ناکرێت. ناچار ڕێوەبەریی خۆسەر بڕیارەکەی گۆڕی. سیستەمی دیموکراتیی ئاوا مشتوماڵ درا. بەپێی لۆژیکی ئەوان؛

بەعس کەوتووە، ڕاستە سیستەمی ئێستا ئیسلامییەکی توندڕۆیە، بەڵام مرۆڤ بەبێ دەوڵەت ناتوانێت بژێت. دەمەوێت بە نموونەیەک ئەمە ڕوون بکەمەوە، پێیان دەوتین هەموو شتێکی ئێوە باش و ڕاستە، بۆ نموونە؛ پەیوەندییتان لەگەڵ ژن، خۆسەریی ژن، دەیانگوت هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام دەبێت دەوڵەت هەبێت و بمانپارێزێت، ئەوان پێیان وابوو هاوپەیمانان ئێمەی پاراستووە، لێ ئەودەم ئێمە لەوێ بووین (سوەیدا)، کاتێکیش شەڕی بەنداوی تشرین ڕووی دا، ئەمەمان ڕوون کردەوە. ئێمە وتمان ئەوەی بەنداوی تشرین دەپارێزێت، تەنیا گەل و قەسەدەن، لەم سۆنگەوە سەر دەکەوین. کاتی هێرشەکانی سەر هەرێمی سەر کەناراوەکان، وتبوویان هێرشمان ناکەنە سەر، چونکە ئیسرائیل لە پشتمانە، واتە خۆیان دەسپاردە دەوڵەتان، بەڵام ئیسرائیل چی بۆ کردن؟ ئەوە کۆمەڵگە بوو کردی، گەر هەنگاوێکیش هەڵێنرابێت، گەلی درووز هەڵیانهێناوە نەک ئیسرائیل. سیستەمی ئێستا لە بەعس دڕندەترە، ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی شاراوە ئەمەی دەکرد، هی ئێستا بە ئاشکرا دەیکات. واتە هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەداوە، بەعسی سەر مێز چوو، بەعسی ژێر مێز دەر کەوت. ئەمە هەڵسەنگاندنی تایبەتی منە، بەڵام ئێستا هەمووان باوەڕیان بەوە هێناوە کە ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵایەتییبوونەوە و کۆمۆنە، جا گەر دەوڵەت هەبێت یان نا. بۆ کوردستانیش ئەمە پێویستییە. ئێستا لە باشووری کوردستان ڕاستە سیستەمێک هەیە. ئەم سیستەمە ناتوانێت مووچەی مامۆستاکانی خۆی بدات. گەر خۆیان وەک سیستەمێکی کۆمۆن ڕێک بخەن، ئەودەم دەتوانن سیستەمی ناوەندیی بێکاریگەر بکەن. چونکە

تا سیستەمی کۆمین فراوان بێت، سیستەمی دەوڵەت بەرتەسک دەبێتەوە. لەبری ئەوەی دەسەڵاتداریی کۆمەڵگە بێکاریگەر بکات، کۆمۆن دەسەڵاتداریی بێکاریگەر دەکات. لە سۆنگەی یەکێتیی کۆمۆناڵی دیموکراتی کوردستانەوە، دەتوانین دۆزی کوردستان و هەبوونی کوردستان بپارێزین، ئەمە مەرجێکی بنەڕەتییە بە تایبەت بۆ باشووری کوردستان، چونکە سیستەمێک هەیە. پێویستە ئەمە ڕێک بخرێت، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، هەرچەندە لە نێو دەوڵەت-نەتەوەدان، دەکرێت کۆماری دیموکراتیی پێش بخەن. دەبێت ئەم کۆمارە دیموکراتییە ناوەندگەرایی بەرەو ناناوەندێتیی وەر سووڕێنێت، کاتێک سیستەمی کۆمۆن پێک دێت، ئیتر پێویستمان بە هیچ سیستەمێکی تر نییە، جا فیدراڵیی بێت یان ناناوەندیی و کۆنفیدراڵ. ئەمە تەنیا بۆ سووریا نییە، بەڵکوو هەموو بەشەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش پێویستان بە سیستەمی کۆمۆنە، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەک نەتەوە و چاند و زمان پێک نایەت. ئەمە ڕاستینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. من نموونەی سوەیدام هێناوە، ئەو کۆمەڵگەیەی ئازادیی خۆی لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە، کێشەکانی بەردەوام دەبن، بەڵام کۆمین وەک موختارییەت دانامەزرێت، دەبێت دیموکرات بێت. ئەزموونی ڕۆژئاڤا وانە و ئەنجامە، تاکێکی ئازاد دەتوانێت خێزانێکی دیموکرات پێکەوە بنێت. خێزانێکی دیموکرات کۆمۆنێکی دیموکرات پێک دێنێت. کۆمینێکی دیموکراتیش کۆمەڵگەیەکی دیموکرات پێک دێنێت، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیش کۆمارێکی دیموکرات پێک دێنێت. ئەمە وەک زنجیرەیەکە، لە تاکەوە بۆ خێزان، پاشان تاک و

خێزان لە سۆنگەی هاوژیانی ئازادیی ژنان و پیاوانەوە، یەکسانیی و ڕزگاریی کۆمەڵایەتیی بەدەست دەهێنن. ئێمە ئاوا دەتوانین کۆمۆنی دیموکراتیی پێک بهێنین. ئێمە ئازادیی خۆمان لەسەر بنەمای کۆیلایەتیی کۆمەڵگەیەکی تر درووست ناکەین، بەڵکوو بەپێی ئازادیی و یەکسانیی لەگەڵ گەلانی تر دەیڕەنگێنین، چونکە لە هەرکوێ سەردەست و بندەست هەبن، ئەوا لەوێ ئازادیی و دیموکراتی لەگۆڕێ نییە. گەر ئێمە بەپێی ئەم خاڵانە بجووڵێینەوە، ئەوا سەرەتا وەک تاکێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگە، ڕێوەبەرییەکی دیموکراتیی پێک دێت کە بە هەڵبژاردن و ئیرادەی گەل پێش دەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمی کۆمەڵگەبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بپارێزین.

مـجلة حـرية المجتمع،

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

## لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار).
**پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز).
**دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com